# پاناسۆنیک و
# کامێرای ڤیدیۆیی 3D




کۆمپانیای پاناسۆنیك لەم دواییەدا ڤیدیۆی بەرهەم هێنا کە بە جۆری HDC-Z10000 ناسراوە، کامێراکە سێ ڕەهەندییە.
کامێراکە دوو عەدەسەی هەیە، توانای فیلم گرتنی دوو ڕەهەندی و سێ ڕەهەندی هەیە. شاشـــەی کامێراکە لە جۆری LCDیـــە، قەبارەکەی 3,5 ئینجـــە. کامێراکە کارت میمـــۆری و فلاش میمۆری دەخوێنێتەوە. مایکی ئەم کامێرایە توانای تۆمارکردنی دەنگی بە شـــێوەی دالبی 5 کەناڵ هەیە. کامێراکە لە کاتی فیلم هەڵگرتنەوە بە شـــێوەی دوو ڕەهەندی زوومی ئیپتیکالی تا 12یە، و لە فیلم هەڵگرتنەوە بەشێوەی سێ ڕەهەندیش زوومی ئیپتیکالی 10یە.
فۆرماتی فیلمی کامێراکـــە جۆری AVCHDیە، بەڵام کامێراکە تەنیا یەك ڕەنگی هەیە.




## پرۆگرامێکی پێویست بۆ وێنەگرانی پیشەیی

گەلێـــك پرۆگرام هەن کـــە ئەرکیان باش کـــردن و ڕتوش کردن و دەســـتکاری کردنی وێنەیە، پرۆگرامی Ashampoo Ph-to Commander لـــە ڕیزی باشـــترین پرۆگرامەکان دێت بۆ وێنەگرانی پیشـــەیی، پرۆگرامی ناوبراو دەکـــرێ بڵێین پرۆگرامی جۆکەرە، لە کۆمەڵێك پرۆگرام پێکهاتووە. تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن: دەستکاری کردنی وێنە، نیشاندان، ڕێکخستن و ڕیزبەندی، دروستکردنی ئەلبۆمی دیجیتالی، لابردنی پەڵە و ســـوری چاو. گۆڕانی وێنە لە وێنەوە بۆ تابلۆ. تایبەتمەندییەکی گرنگ لەو پرۆگرامەدا ئەوەیە کە دوو وێنە لە یەك کاتدا نیشان دەدات، واتە ئەو وێنەیەی کە دەستکاری دەکەی و لەگەڵ وێنە دەســـتکاری کراوەکە پێکەوە نیشان دەدات، بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەر بزانێت جیاوازی لە نێوان دوو وێنەکەدا چییە و ئەگەر بە ویستی نەبوو بگەڕێتەوە بۆ وێنەکەی خۆی.

## گوگڵ چەندین خزمەتگوزاری خۆی بۆ هەمیشە ڕاگرت

هەمیشـــە لەکۆمپانیـــای گوگڵ ئـــەوە چاوەڕوانی دەکرا کە چ خزمەتگوزارییەکی نوێی بـــۆ داهاتوو پێیە، بەڵام لـــەم ماوەیەدا پێچەوانەی ئەم هەواڵەمان بیست کە گوگڵ چەندین خزمەتگوزاری خۆی بۆ هەمیشە ڕاگرتووە، یەکێك لەو خزمەتگوزارییانە خزمەتگـــوزاری google deskop بوو کـــە بەکارهێنەران باش دەزانن پرۆگرامێکی بچووك بوو کە ئەرکی دۆزینەوەی فایل و داتاکانی لەســـەر کۆمپیوتەر بەڕێـــوە دەبرد. هەروەها خزمەتگوزاری google pack و کەئەویـــش خـــۆی لە 13 پرۆگرام دەدا.
جێگـــری بەڕێوەبەری کۆمپانیـــای گوگل لـــەو بارەیـــەوە ڕایگەیاند کە پەکخســـتنی ئەو خزمەتگوزارییانە لە بەرژەوەندی بەشـــداربووان دایـــە، چونکـــە گـــوگل هـــەوڵ دەدات لەجێگـــەی ئەوانـــە خزمەتگوزاری زۆر گرنگتر و پێشـــکەوتووتر بەرهەم بێنێ.
چونکە بوونـــی ئـــەو خزمەتگوزارییە بچووکانە و ئـــەو بودجەیەی بۆ ئەوانە تەرخان دەکرا، گرفت بوو لەسەر ڕێگەی داهێنانی نوێ.





# Toughbook S10
# ڕۆژێکی تەواو پێویستی بە شەحن نییە

کۆمپانیای پاناسۆنیك كە یەكێكە لە كۆمپانیا بەرچاوەكانی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری ئەلكترۆنی، لەم دواییەدا لاپتۆپی جۆری Toug-book S10ی بەرهەم هێناوە كە تەواو بۆ شوێنە سەخت و دژوارەكان بەرهەم هاتووە، وەك دەشت و دەر و چیاكان، لاپتۆپەكە شاشەكەی 12 ئینجە، كێشەكەی نزیك بە كیلۆ و نیوێك دەبێت، بەڵام تایبەتمەندی هەرە گرنگی لاپتۆپەكە لەوەدایە كە هەتا دوازدە كاتژمێر و نیو باترییەكەی دانابەزێت، پرۆسیسەرەكەی جۆری Intel core i5ـە و هاردەكەی 320 گیگایە و رامەكەی لە نێوان 4 هەتا 8 گیگابایتە. جگە لەوەش یەكێكی دیكە لەتایبەتمەندییەكانی ئەم لاپتۆپە ئەوەیە كە ئەگەر لە بەرزاییەكی بەرزیش را بەربێتەوە تێك ناچێت. بەشێكی دیكە لە تایبەتمەندییەكانی ئەم لاپتۆپە ئەوانەن: لە بلۆتۆسی G3 سوود وەردەگرێ، شوێنێك واتە "پۆرت"ێكی USB3 تێدایە لەگەڵ دوو شوێنی USB2. پۆرتەكانی VGA و HDMIی هەیە.



## چاویلکەیەک هەموو شتێک دەکاتە سێ ڕەهەندی

سێ رەهەندی واتە 3D ئەو سیستەمەی كە هەموو وێنەیەك بە سێ رەهەندی ببینی، زۆر لەمێژ نییە لەناو جیهانی ئامێری دیجیتالیدا بۆتە باو، بەڵام ئێستا بە راددەیەك پەرەی سەندووە كە رەنگە لەداهاتوودا هەموو شتێك هەر سێ رەهەندی بێت، وەك تەلەڤزیۆن، كامێرا، مۆبایل، كۆمپیوتەر، تەبلێت..تاد. لەم دواییانەدا نۆرە گەیشتۆتە چاویلكەی سێ رەهەندیش، كۆمپانیای سۆنی لە نوێترین داهێنانیدا چاویلكەیەكی بەناوی Personal 3D viewer بەرهەم هێنا كە دەتوانێت وێنەكان لە مەودای 20 مەترییەوە بكاتە سێ رەهەندی. بە بوونی ئەو چاویلكەیە ئیدی پێویست بە تیڤی سێ رەهەندی و كۆمپیوتەری سێ رەهەندی و بە كورتی هیچ ئامێرێكی سێ رەهەندی ناكات، لەو چاویلكەیەدا وێنەكان بە شێوەیەكی گەورە، روون، بە كوالیتی بەرز و بە شێوەی سێ رەهەندی نیشان دەدرێن. لەناو خودی چاویلكەدا دوو شاشەی بچووك هەن كە وێنەكان بە كوالیتی 1280لە 720 پیكسلدا نیشان دەدەن. چاویلكەكە لەگەڵ كامێرا دیجیتالییەكانیش دەگونجێت بەهۆیەوە دەتوانی وێنەی سەر كامێرا دیجیتالییەكە بە شێوەی سێ رەهەندی سەیر بكەی.



## ئاوێنەی سیحری هەواڵەکان ڕادەگەیەنێ

قەت رۆژێك بیرت لەوە دەكردەوە كە ئاوێنە كە بە كەرەستەیەكی ئەوەندە گرنگ سەیر ناكرێت ببێتە دیجیتالی و وەك كۆمپیوتەر بتوانی سایتەكانی پێبكەیەوە و ئیمەیڵەكەتی پێ بەرێ بكەی، لەگەڵ ئەوەی كە بەیانی لەخەوڵ هەڵدەستی دەست و دەموچاوت دەشۆی لە پەنا ئاوێنەكە رادەوەستی بۆ ئەوەی كە خۆتی تێدا ببینی، ئاوێنە سیحرییەكە جگە لەوەی رووخسارت نیشان دەدا هەموو هەواڵە گرنگەكانت بۆ دەخوێنێتەوە، ئەو مۆسیقایەی كە حەزی لێدەكەی بڵاو دەكاتەوە. بە دەنگی خۆت ئەو فەرمانانەی كە بە ئاوێنەكەی دەسپێری بۆت ئەنجام دەدا. وەك ئاماژەم پێدا هەواڵەكان دەخوێنیەوە، سەیری ڤیدیۆییەكان دەكەی، پرۆگرامی رۆژانەت لەسەر ئاوێنەكە دەبینی. ئیمێل بەرێ دەكەی و كڕین و فرۆشتنی ئۆنلاین دەكەی.



## ڤیدیۆ پرۆژکتەری سێ ڕەهەندی

هەروەك لە یەكێك لە بابەتەكاندا ئاماژەم پێدا، جیهانی سێ ڕەهەندی هەموو شتێكی گرتۆتەوە، یەكێك لەو ئامێرە دیجیتاڵییانە كە زۆر لەمێژ نییە لە جیهانی سێ ڕەهەندیدا خۆی دەبینێتەوە، ڤیدیۆ پرۆژكتەرە، كۆمپانیای سۆنی لە پێشانگای ساڵانەی بەرلین كە گەورەترین پێشانگای كەلوپەلی ئەلكترۆنییە، ڤیدیۆ پرۆژكتەری جۆری VPL-VW95ESی ناساند. ئەمە دووەمین ڤیدیۆپرۆژكتەری ماڵەوەیە، واتە وەك ئامرازەكانی دیكەی دیجیتاڵی لە ماڵدا سوودی لێوەردەگیرێ. ڤیدیۆ پرۆژكتەرەكە تەكنۆلۆژیای كۆنترۆڵی گڵۆپی دینامیكییە و هەروەها تەكنۆلۆژیایەكی دیكەی تێدایە كە كۆنتراستەكە بەهێز دەكا و وێنەكان بە شێوەی سێ ڕەهەندی شەپۆلدار نیشان دەدات.



## كامێرا كتێبییەكەی سامسۆنگ


ڕەنگە ئەو كەسەی كە ئارەزوو دەكات وێنەیەكی خۆی بگرێت، نەتوانێ بەبێ یارمەتی لایەنێك یان بەبێ ئەوەی كە كامێراكەی لەسەر تایم دانابێتەوەو بچێ لەبەردەمی كامێراكەی ڕابوەستێ نەتوانێ وێنەی خۆی بگرێت، لە كامێرا نوێیەكەی سامسۆنگدا كە بەكامێرای كتێبی ناسراوە ئەو گرفتە نەماوە، چونكە شاشەكە تەواو بۆ پێشەوە دەسووڕێتەوە.

كامێرای MV800ی سامسۆنگ بۆ هەر شوێنێك كە حەز بكەی شاشەكەی دەسوڕێتەوە. كامێراكە بەباشی وێنەی ڕوخسارتان دەگرێت، كامێراكە لەسەر هەموو شتێك دادەنرێت. كامێراكە وێنەكان بە كوالیتی 16 میگاپیكسل دەگرێت، شاشەكەی لەمسییە و توانای زوومی 5Xی هەیە

# تەلەڤزیۆنەكەت بكە بە تابلۆی وێنەكێشان


كۆمپانیای LG لەم دواییانەدا تەلەڤزیۆنێكی نوێی بەرهەم هێناوە كە نەك تەنیا تەلەڤزیۆنە، بگرە تابلۆیەكە بۆ وێنەكێشان. تەلەڤزیۆنەكە كە بە جۆری PZ850Tناسراوە، لە جۆری پلاسمایە، بە سوود وەرگرتن لە پێنووسێكی تایبەت دەكرێت زۆر بە ئاسانی شاشەكەی بكەی بە تابلۆی نیگاركێشان. خودی تەلەڤزیۆنەكە تەكنۆلۆژیای 3D هەیە، لە سایزی 50 و 60 ئینجی دایە. تەلەڤزیۆنەكە بە پەنجەی دەست یان بە هەر ئامێرێكی دیكە هەستیار نییە، تەنیا بە بەو پێنووسە هەستیارە كە تایبەتە بە تەلەڤزیۆنەكە. بەڕێوەبەری كۆمپانیای LG كە بەرهەمهێنی تەلەڤزیۆنەكەیە دەڵێت، ئێستاكە كە هەموو شتێك بەرەو لەمسی بوون دەڕوات پێویستە تەلەڤزیۆنیش دوانەكەوێت.






# ئاشنابوون بە مۆبایلی Xperia arc s سۆنی ئەریکسۆن

سۆنی ئەریکسۆن کە یەکێکە لە کۆمپانیا گرنگەکانی بەرهەمهێنی مۆبایل، لەم دواییانەدا نوێترین مۆبایلی خۆی بەناوی Xperia Arc s بەرهەم هێنا، دەکرێ بڵێن بەهێزترین مۆبایلە لە بواری مۆڵتی میدیاوە، سۆنی لەم مۆبایلەدا پرۆسێسەری 1.4گیگاهێرتزی بەکار هێناوە، 512 میگابایت رامەکەیەتی. کامێراکەی 8 میگاپیکسەلە، کە هەستەوەری ExmorRی لەگەڵدایە، جگە لەوەی توانای تۆمارکردنی ڤیدیۆیی بە فۆرماتی HDهەیە، دەتوانی وێنەی دوو ڕەهەندیش بکاتە سێ ڕەهەندی. لەسەرەتادا وێنەکان بە سێ ڕەهەندی ناگیرێن، بەڵام دواتر بەهۆی تەکنۆلۆژییەک کە لە مۆبایلەکەدا هەیە دەکرێن بە سێ ڕەهەندی. مۆبایلەکە 5 ڕەنگی هەیە.




# بەشی فۆتۆی یاهوو گۆڕانکاری بەسەردادێت

ساڵانێکی زۆر کۆمپانیای یاهوو وەک تاکە رکابەری کۆمپانیای گوگڵ دەناسرا، هەرچەندە هێشتاش سایتی یاهوو وەک گەورەترین سایتی خزمەتگوزاری ئیمێڵ سەیر دەکرێت، لەم ماوەیەدا بەشی فۆتۆی سایتی یاهوو گۆڕانکارییەکی جدی بەسەرداهاتووە، لە ڕووی نیشاندانەوە وەک سایتی گوگڵی لێهاتووە، جگە لەوەش چەندین تایبەتمەندی دیکەی پێوە زیاد کراوە وەک: نیشاندانی دواین وێنە، نیشاندانی گەلەرێک لە وێنەکە، هەروەها نیشاندانی وێنەیەک کە مەبەستە لە فەیسبووکدا، بەڵام لەکاتێکدا بەشی نیشاندانی وێنەکانی فەیسبووک دەکرێتەوە کە ئێوە ئەکاونتێکتان لە فەیسبووکدا هەبێت. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو خزمەتگوزارییە نوێیەی یاهوو ئەوەیە کە وێنەکان بەشێوەی سلاید نیشان دەدات.



# وایت بۆردی دیجیتالی شوێنی وایت بۆردی ئاسایی دەگرێتەوە

هەتا سەرەتای سالانی دوو هەزار تەختەڕەشە وەک کەرەسەیەکی گرنگی فێرکاری بوو لە قوتابخانەکاندا، ڕەنگە ئێستاش لە هەندێک وڵاتدا تەختەڕەشە باوی مابێ، بەڵام لە دوای سالانی دوو هەزارەوە وایت بۆرد واتە "تەختە سپی" شوێنی "بلاک بۆرد"ی گرتەوە. کە جیهان بەرەو تەکنۆلۆژیای دیجیتالی دەچێت، بێگومان سیستەمی پەروەردەش گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت، وەک نەمانی کتێبی قوتابخانەکان، ڕەنگە لەداهاتوودا نەمانی مامۆستای فێرکار و شوێنی ئەو مامۆستای دیجیتالی بگرێتەوە، لەم دواییانەدا وایت بۆردی دیجیتالی لەمسی کە لەلایەن کۆمپانیای شارپەوە بەرهەم هاتووە و بە ناوی PN-L702B ناسراوە شوێنی دەگرێتەوە. وایت بۆردەکە شاشەیەکی تەواو لەمسی هۆشمەندە. کە پێنووسێکی لەمسی لەگەڵدایە باشترین ئامرازە بۆ شوێنەکانی وەک قوتابخانە و ژوورەکانی کۆنفرانس و سیمینارەکان.

ئەم وایت بۆردە دیجیتالییە پرۆگرامێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە بتوانرێ بە گوێرەی ویستی بەکارهێنەر سوود لە شاشە لەمسییەکە وەربگیرێت. هەروەها بەبێ گرفت تەنە ئەندازییەکانی وەک چوارگۆشە و سێ گۆشە... تاد بکێشرێتەوە. لەو شاشەیەدا دەکرێت وێنە سکانکراوەکان لەسەر شاشەکە نیشان بدرێت و گەورە و بچووک بکرێنەوە. جگە لەوە دەکرێت بابەتەکان بە پەنجە یان پێنووس بنووسرێن و بە تەنیا کلیکێک بابەتەکە بۆ پرینتەر بنێردرێ، یان بە شێوەی فایلێکی دەق یان فایلێکی وێنەیی لە کۆمپیوتەردا خەزن بکرێت.



# هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی ئازیز پرسیاری ئەوە دەکات کە هەر کاتێك تێکستێك لە یەکێك لە سایتەکانی ئینتەرنێت لە پرۆگرامی word دا کۆپی دەکەم، تێکستەکەی هەمووی دەبێتە هێمای پرسیار بەم شێوەیە (؟؟؟؟؟) پێموابوو گرفت لە ئەو پرۆگرامەدایە کە سایتەکەی پێدەکەمەوە، کەچی گشت پرۆگرامەکانی وەك "گوگڵ کرۆم، فایر فۆکس، ئینتەرنێت ئیسکپلۆرێر" تاقی کردەوە کەچی گرفتەکە هەروەك خۆی مایەوە، ڕێگە چارەیەك هەیە؟

خوێنەری بەڕێز ئەوە هیچ پێوەندی بە پرۆگرامی Wordـەکەی تۆوە نییە، بگرە هۆکاری سەرەکی ئەو گرفتە لە بەشی E-coding ی لاپەڕەی ئینتەرنێتەکەتە، لە هەموو ئەو پرۆگرامانەی کە سایتەکانی پێدەکەیەوە، وەك ئەو پرۆگرامانەی ئاماژەت پێداون بەشی E-coding بکەوە، لەوێدا لەسەر بەشی sting دا ئەو فەرمانە هەڵبژێرە "UTF-8" پاشان کۆپی بکە، بزانە گرفتەکە چارەسەر کراوە، بەڵام کاتێك کە کۆپی دەکەی باشترە تەنیا دەقەکەی کۆپی بکەی ئەویش لە بەشی Paste دا فەرمانی paste special لێبدە و دواتر تەنیا بەشی تێکستەکە هەڵبژێرە. ئیدی گرفتەکەت چارەسەر دەبێت.